# دارایی هەرێم خشتەی دابەشکردنی مووچەی مانگی هەشتی ڕاگەیاند



ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم خشتەی دابەشکردنی مووچەی مانگی هەشتی بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد، لە سبەینێ دووشەممەوە دەست بە دابەشکردنی دەکرێت.

وەزارەتی دارایی بڵاویکردەوە، سبەینێ دووشەممە دەست بە دابەشکردنی مووچەی مانگی ئابی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت و ڕۆژی چوارشەممە کۆتایی پێدێت.

بەپێی ئەو خشتەیەی وەزارەتەکە بڵاویکردووەتەوە، دابەشکردنی مووچە بە خانەنشینی شارستانی دەستپێدەکات و بە هێزەکانی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن کۆتاییدێت.